مەنسور حیکمەت

# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

**(دەربارەی گرنگی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی عەلەنی)**

## بەشی 3

**وەرگێڕانی**
**ئاوات سەعید، ڕزگار مەحەمەد**

**تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین**

**پیاچوونەوەی**
**سالار ڕەشید**

## بەشی سێیەم

لە بەشەکانی پێشوودا تا ڕادەیەک بە درێژی لە ڕوونکردنەوەی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست لە ڕوانگەی پێکەوەگرێدانی کاری نهێنی و ئاشکرا لە هەڵسووڕانی ڕۆتینی حیزب، ڕێکخستن و ڕێنمایی ئاکسیۆنەکان وکاریگەرییان لەسەر جەماوەری کرێکاران دواین. لە کۆتایی بەشی دووەمدا ئیشارەمان بە یەک زنجیرە پرسیاری عەمەلی گرنگ لە مەیدانی ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر و پەیوەندی عەمەلی ئەو لەگەڵ شانە و ڕێکخراوی حیزبدا دا. سەرخەتی گشتی پرسیارەکان ئەمانە بوون: پەیوەندیی ئاژیتاتۆر لەگەڵ شانەی نهێنی چۆن دەبێ پێک بێت و بپارێزرێت، چۆن دەبێ ڕێنومایی عەمەلی و کۆنترۆڵی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر لە لایەن ڕێکخراوی نهێنییەوە ئەنجام بدرێت، فێرکردن و بارهێنانی ڕێکوپێکی ئاژیتاتۆری عەلەنیکار لە لایەن ڕێکخراوی نهێنییەوە چۆن دابین دەکرێ، ئاژیتاتۆر چۆن لە ژیانی ناوخۆی یەک حیزبی نهێنیدا دەخاڵەت و بەشداری دەکات و لە دواییدا مەسەلەکانی گوزەران و ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر چۆن چارەسەر دەکرێ؟ لێرەدا لە کۆتایی باسەکەدا پێویستە بە پێی توانا چەند خاڵێک لە پێناو وەڵامدانەوە بەم مەسەلە عەمەلییانە، بە لەبەرچاوگرتنی بار و دۆخی سەرکوتگەرانەی ئێستاوە، بخەینە ڕوو. ئاشکرایە ئەوەی، کە لێرەدا وەکوو "ڕێگاچارە" یان ئەو ڕێگاچارە ڕێژەییانەی ناوی دەهێنێن دۆگمی نەگۆڕاو نین. هەم گۆڕانی ڕۆژگار و هەم کەڵەکەی ئەزموون و پەرەگرتنی ئیمکانات، شێوەکانی عەمەلی ڕێکخستن و هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆری عەلەنی لە پەیوەست بە ڕێکخراوی نهێنییەوە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ، ئەوەی کە لێرەدا دەووترێ دەتوانرێ ئەلگۆی سەرەتایی و کەم تا زۆر شیاوی تەعمیم بێت بۆ هەڵسووڕانی ئێمە لەم زەمینەیەدا و لە **دەورەی ئێستادا**. شایانی باسە ئەوە بڵێین، کە بەو دەلیلەی وتارەکە کراوە

بە سێ بەشەوە، لە هەر بەشێکدا هەندیک خاڵ هەن بە ناچاری دووبارە دەبنەوە بە مەبەستی زیندووهێشتنەوەی زەمینەی گشتی باسەکە.

## 1- کار لەگەڵ ڕابەرانی مەوجود

لە پێشەوە وتمان کرێکارانێک، کە ئێمە دەمانەوێ کاریان لەسەر بکەین بۆ پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان دەتوانرێ، بە گشتی و بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بە دوو دەستە دابەش بکرێن، یەکەم، ڕابەرانی بە کردەوە مەوجود لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییە کرێکارییەکاندا، واتا کرێکارانێکی خەباتگێر، کە هەر ئێستا خاوەن نفوزی عەمەلی جدین لەسەر جەماوەری کرێکاران لە بەشە کرێکارییەکاندا. دووەم، خاوەن ئامادەییەکان، کە لە حاڵەتی شکڵگرتندان، کرێکارانێکی ناڕەزا، جوامێر و هۆشیاری تازە دێنە مەیدانی ڕابەرییەوە.

کار لەگەڵ ڕابەرانی مەوجود خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. خۆ لەڕێکخراو دزینەوە، درکی نارۆشنیان لە ئامانجەکان و ڕەووشتەکانی حیزبی کۆمۆنیست، کە بەرهەمی تەحریفاتی ڕیفیژینیستی لە کۆمۆنیزم و لاوازییەکانی دامێنی هەڵسووڕانی تا ئێستای حیزبمان، محافەزەکاریی ئەمنیەتی لە پەیوەند بە ڕێکخستنە نهێنی و خۆشخەیاڵی ئیکۆنۆمیستی و سەندیکالیستی، ئەمانە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو ڕێگرانەیە، کە پەیوەستبوونی ئەم کرێکارانە بە ڕیزەکانی حیزبەوە دژوار دەکات. لە بەرامبەردا ئەزموونی زۆر، ناسینی میکانیزمەکانی کاری ئاشکرا لەنێو کرێکاران و خۆ پاراستن لە بەرامبەر گوشاری سەرکوت و جموجۆڵی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی، درکی خێرای مەوقیعەت و ورەی کرێکاران، چەند خاڵێکی ئیجابین، کە ئەم کرێکارانە لێی بەهرەمەندن و لە حاڵەتی ڕووهێنانیان بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێر و یەکگرتنیان لە حیزبی ئێمەدا، ئەوان دەکاتە ئۆرگانی بەهێزی بەرەو پێش بردنی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا.



سەردەمی ڕاکێشانی ئەم هاوڕێیانە بە گشتیی، سەردەمێکە کە ئەوانە پەی بە گرنگی کارکردن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا دەبەن و وەڵام بە زەرورەتی قەرارگرتنی خۆیان لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی حیزبدا دەدەنەوە. تەوەرەی ئەم سەردەمەی ڕاکێشان ماناپێدانی کۆمۆنیزمە لە دیدگای ئێمەوە و ڕوونکردنەوە **و فێرکردنی** شێوەکارەکان و ئامانجە کۆمۆنیستییەکانە. ئەگەر ڕەخنە لە بیروباوەرە نادروستەکان ڕۆڵی حەیاتیی هەیە، **فێرکردنی** شێوەکارە تایبەتییەکانی ئێمەش بە هەمان ڕادە حەیاتییە. هەر بۆیە هاوڕێیانێک، کە لێپرسراوێتی ڕاکێشانی ڕابەری کرێکارییان بەرەو حیزب لە ئەستۆیە دەبێ لە باشترین مورەوویجەکانی ئێمە بن. پەیوەندی ئەم هاوڕێیانە بەم کرێکارە پێشڕەوانەوە هەر لە سەرەتاوە دەبێ لە چوارچێوەی ئەمنییەتێکی باڵادا بێت. قەرارگرتنی ئەم پرۆسەیە لە دڵی یەک پەیوەندیی سروشتیدا، سپاردنی بەرەو پێش بردنی ئەم پەیوەندییە بە یەک کەس و کەمکردنەوەی زانیاری هاوڕێیانی تری کۆمیتە یان شانەی نهێنی حیزب لە پێناس و مەیدانی کار و هەڵسووڕانی ئەم هاوڕێ کرێکارانە بۆ کەمترین ڕادەی مومکین، مەرجی پێویستی پاراستنی ئەمنییەتی هەر دوو لای شانە و ئەو هاوڕێ کرێکارانەیە. لە ڕاپۆرت نووسیندا بۆ ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزب سەبارەت بە شێوەی پێشکەوتنی ئەم پەیوەندییە کرێکارییە، دەبێ لانی زۆری وردەکاری لە کاردا هەبێ، کە لە ڕێگەی بەرتەسککردنەوەی زانیاری ئەمنییەتی ناو ڕاپۆرتەکان و بە کەڵکوەرگرتنی جدی لە باشترین ڕەمز بۆ هینان و بردنی هەواڵەکان، ئەمنییەتی کرێکارانێک، کە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندیمان هەیە، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، کە ڕاپۆرتەکان بکەونە دەستی بەکرێگیراوانی دوژمن هەر پارێزراو بێت. دەبێ کارێک بکرێ، کە مەترسی ئەمنییەتی پەیوەستبوون بە حیزبی کۆمۆنیستەوە بۆ کرێکارانی پێشڕەو ئەوەندەی دەکرێ کەم بکرێتەوە و ئەم هەوڵەی خۆمان بۆ کرێکارانێک کە مەبەستمانە، ڕوون بکرێتەوە. فیداکاریی لە بردنە پێشەوەی ئەرکی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەندامانی حیزب فەرزە، بەڵام چاوەڕوانی فیداکاری بۆ پەیوەندگرتن لەگەڵ حیزب لە کرێکارانێک، کە

هێشتا حەقانییەتی ڕێگای شۆڕشگێڕانەی ئێمەیان بەو ڕادەیەی کە پێویستە، لا ڕۆشن نییە، شتێکی نابەجێیە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ بەسەر یەکەمین بەربەستەکاندا سەربکەوین و ئەگەر یەکێ لەم بەربەستانە موحافەزەکاری، خۆ دزینەوە لە ڕێکخراو، کە بە پلەی یەکەم جەلادانی کۆماری ئیسلامی و بە پلەی دووەم سەتحی کاری پۆپۆلیستەکان لە ڕابردوودا خستویانەتە دڵی کرێکارانەوە، ئەو کاتە ئەوە ئێمەین، کە دەبێ وەکوو حیزبێکی سیاسی و پەیماندەری چینی کرێکار بە خستنەگەری وزەی زیاتر ئەم بەربەستانە پووچەڵ بکەینەوە. بەو ڕادەیەی کە کرێکاران باوەڕ بە پەیامی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست دێنن، بە هەمان ڕادەش لە خۆبردوو دەبن. بەڵام ئەمە هەلومەرجێکە، کە دەبێ کاری بۆ بکەین نەک بە فەرز وەری بگرین.
هەر چۆنێک بێت لەم پەیوەندییانەدا ئێمە توانای ئەوەمان دەبێ بەشێک لەم ڕابەرە عەمەلییانە بگۆڕین بە کۆمۆنیستی بەڵێندەری حیزب و ڕێکخراو لە حیزبدا. لێرەدا ئیتر کارکردنی ئەم هاوڕێیانە لە مەیدانی ئاژیتاسیۆن و ڕابەرایەتیی عەمەلیدا دەبێتە مەسەلەی حیزب و مەسەلەی تەکنیکی و پرۆسەکانی ڕێکخستنی حیزبییانەی ئاژیتاتۆریش ئیتر بە شێوەیەکی جیدی بۆ ئێمە دێنە ئاراوە.

## **پەیوەندی، فێرکردن، ڕێنوماییکردن**

یەکەمین مەسەلەیەک کە دەبێ چارەسەر بکرێ، مەسەلەی پەیوەندی و لیکەوتی هەمیشەیی ڕێکخراوی نهێنییە لەگەڵ ئاژیتاتۆر. لە هەلومەرجی ئێستادا دڵنیاترین ڕێگای پاراستنی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە ئاژیتاتۆر بخرێتە سەر پەیوەندگرتن بە یەک مورەویجی کارامەی حیزبییەوە، کە تەنها ئەرکی (یان ئەرکی سەرەکی) ڕێکخراوەیی ئەو، پاراستنی پەیوەندی، فێرکردن، گۆشکردنی سیاسی و ڕاپۆرتدانە لەسەر کاری ئاژیتاتۆر. تەرخانکردنی یەک هاوڕێی تایبەت بۆ هەر ئاژیتاتۆرێک لانی کەمی ئیمکاناتێکە، کە دەبێ لە خزمەت هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر دابنرێ. بەڵام هاوڕێی پەیوەندگر (رابط) تەنها ئەرکی پاراستنی پەیوەندیی ئاژیتاتۆر و



شانەی نییە، بە پێچەوانەوە ئەو لە واقیعدا نوێنەری تەواوی ئۆتۆریتەی شانە دەبێ لە پەیوەند بە ئاژیتاتۆرەوە. لە ڕووی سیاسی و شەخسییەتی خەباتکارانەوە هاوڕێی مورەویج دەبێ هاوڕێیەک بێ، کە بتوانێ وەڵام بە مەسەلە تیئوری و عەمەلییەکانی ئاژیتاتۆر بداتەوە، لە کاتی کارکردندا ئەو ڕێنومایی بکات و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کاری ئەو گەڵاڵە بکات. هاوڕێی مورەویج دەبێ بتوانێ ببێ بە یەک ئۆتۆریتەی مەعنەوی و سیاسی بۆ ئاژیتاتۆر. هەرچەندە ئاژیتاتۆر پێشینەی زیاتری هەبێت، بە ئەزموونتر و چالاکتر بێ، تایبەتمەندییەک کە هاوڕێی مورەویجی پەیوەندگر دەبێ هەیبێ بە هەمان ڕادە دەبێ لە ئاستێکی باڵاتردا بێ.

## **شێوازی کاری ڕۆژانەی مورەویج لەگەڵ ئاژیتاتۆردا**

هاوڕێی مورەویج بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێنومایی ئاژیتاتۆر بکات، دەبێ لە هەمان شوێنی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر (کارگە و گەڕەک) ئامادە بێ، وە ئەگەر بتوانرێ لە هەمان یەکەی بەرهەمهێناندا کار بکات کە ئاژیتاتۆر تیایدا کار دەکات و چالاکی دەنوێنێ، پەیوەندی ئەم دوو هاوڕێیە دەبێ پەیوەندی دوو دۆست و دوو هاوکاری نزیک بێت. بەڵام ئاستی ئاشکرای ئەم دۆستایەتییە دەبێ بە شێوەیەک بپارێزرێ، کە لە لایەکەوە ئاژیتاتۆر و هاوڕێی مورەویجی حیزبی بە شێوەی خۆ بە خۆیی یەکتر ئاشکرا نەکەن. مورەویج دەبێ دۆستێکی نێو دۆستەکانی ئاژیتاتۆر بێت. لە لایەکی ترەوە ئەم هاوڕێیەتییە دەبێ ئەوەندە نزیک بێ، کە پەیوەندی یەک لە دوای یەکی ئاژیتاتۆر و مورەویج بۆ هەر کەسێکی دوور لە ئەمان کارێکی سروشتی بێتە بەرچاو. بە پێچەوانەی ئاژیتاتۆرەوە، کە بەشداری ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا لە خەباتی کرێکاریدا ئەرکی ئەوە، هاوڕێی مورەویج دەبێ هەتا بتوانێ و بۆی بکرێ وەکوو یەک کرێکاری ئاسایی بەشداری ناڕەزایەتییەکان بکات. ئەگەر مورەویج خۆی ڕاستەوخۆ دەخاڵەت لە کاری ئاژیتاسیۆندا بکات، ئەو کاتە شانەی حیزبی بەکردەوە دوو ئاژیتاتۆری بێ پشتیوان و بێ پەیوەندیی هەیە. مەسەلەکە دەتوانرێت بەم شێوەیە لە

بەرچاو بگیرێت، کە هەر یەکەیەکی ئاژیتاسیۆنیی ئێمە لانی کەم دوو کەس دەگرێتە خۆی، یەکێکیان خودی ئاژیتاتۆرە و ئەوی دیکە لێپرسراوی سیاسی و پەیوەندیی ئەوە. پاراستنی کاردابەشکردن لە نێوان ئەم دووانەدا حەیاتییە. هاوڕێی مورەویج دەبێ کارێک بکات، کە لە دەروونی پەیوەندییە سروشتییەکاندا ئاژیتاتۆر بتوانێ لە ڕێگەی ئەوەوە و بە یارمەتی ئەو بڵاوکراوە حیزبییەکان بخۆێنێتەوە، دەستی بگات بە کتێب و نامیلکە زەرورییەکان و بە لێکۆڵینەوە دەروونییەکانی حیزب ئاشنا بێ. ئاژیتاتۆر لە ڕێگەی هاوڕێی مورەویجەوە بۆچوونەکان و ڕاپۆرتی خۆی ڕەوانەی شانە و ڕێکخستنە حیزبییەکان دەکات. سەرەکیترین خاڵێک لە پەیوەندی نێوان مورەویج و ئاژیتاتۆر، پشتبەستنی سیاسیی ئاژیتاتۆرە بە مورەویج و ئۆتۆریتەی مەعنەوی هاوڕێی مورەویجە. بەم شێوەیە پەیوەستکردنی ڕابەرانی عەمەلی لەگەڵ شانەکان لە بنچینەدا لە گرەوی هەبوونی هاوڕێیانێکدایە، کە بتوانن ڕۆڵی پەیوەندگر_ مورەویج بە چاکی بگەیەنن. هەموو پەیوەندگرێک ناتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، چۆنکە لاوازی سیاسی، لاوازی تەجروبەی مورەویج دەبێتە هۆی دواکەوتوویی ئاژیتاتۆر، دڵساردی ئەو لە کار و جیایی سیاسی ئەو لە حیزب. ئەگەر ئەم ئۆتۆریتە مەعنەوییە بە دەست بێت، هەڵسووڕانی ڕۆژانەی ئاژیتاتۆر بە چاپوکی و بە کەمترین نارۆشنیی عەمەلی و بە پلەیەکی کافی لە پشتبەستن بە خۆ ئەنجام ئەدرێ. لێرەدا مەسەلەی ئێمە پێش ئەوەی ڕێکخراوەیی و ئیداری بێت، یەک مەسەلەی سیاسییە. ئێمە دەبێ کادرە مورەویجە **قاڵبووەکانی** خۆمان لە خزمەتی ڕاکێشان و ڕێکخستن و پاراستنی پەیوەندی بە باشترین ڕابەرانی عەمەلی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا دابنێین.

## زەروورەتی سەربەخۆیی ڕێژەیی عەمەلیی ئاژیتاتۆر

تەنانەت لە کاتی ئیمکانبوونی پێکهێنانی پتەوترین پەیوەندی لەگەڵ شانەکان و ڕێکخراوی حیزب، واتە لە هەلومەرجێکی زۆر لەبارتر لە ئەمڕۆ، یەک موبەلیغی شەعبیی حیزبی و یەک ڕابەری کۆمۆنیستیی کرێکاران دەبێ لە



ئازادییەکی ڕێژەیی عەمەلی بەرز بەهرەمەند بێ. داهێنان لە عەمەلدا، بڕیاردانی خێرا، دەستنیشانی دەستبەجێی مەوقیعیەت لە ساتە جیاوازەکانی خەباتدا، مەرجی پێویستی هەڵسووڕانی یەک ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستە و ئەمە هاوتایە لەگەڵ پلەیەکی بەرز لە سەربەخۆیی لە چالاکی نواندنە هەمیشەییەکاندا. لە هەلومەرجی ئێستادا ئێمە دەبێ "ڕازی" بین بە ڕادەیەکی زیاتر لە ئازادیی عەمەلی بۆ ئاژیتاتۆرەکان. نالەبارییەکانی ئەمنییەتی و عەمەلی پەیوەند و کونترۆڵ تا ڕادەیەکی زیاد لەم قوناغەدا دەبێ لە ڕێگەی فێرکردنی ئاژیتاتۆر و هاودڵی ئایدیۆلۆژیک_ سیاسی نێوان ئاژیتاتۆر و ڕێکخراوی نهێنی و نەریتە جێگیربووەکانی هەڵسووڕانەوە قەرەبوو بکرێنەوە. لە هەر جێیەک "کونترۆڵ" وەکوو یەک مەسەلەی ڕێکخراوەیی و ئیداری لاواز بێت، ڕۆڵی هاوئاهەنگی سیاسی ئەفرادەکان و لەسەرخەتبوونیان و زاڵبوونی ئەوان بەسەر نەریتەکانی کاری حیزبیدا زیاد دەکات. لەم قوناغە تایبەتییەی هەڵسووڕانی حیزب، ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی لێبڕاوانە بە ڕادەیەکی زۆر پشت بەم هوکارە سیاسی_ ئایدیۆلۆژیک و بەم نەریتانە ببەستین (کە دەبێ بە هەوڵ و کۆشش جێگیر بکرێن). ئەو نەریتانەی کە لە بنەڕەتەوە هەتا ئێستا نەبوون و گەڵاڵە و جێگیرکردنیان ئەرکی ئێمەیە. هەرچەند ئاژیتاتۆر لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە پتەوتر بێت، پێداویستییەکانی حیزب بە دروستی بناسێت و لە کاری خۆیدا بە ئەزموون بێت، ڕێکخراوی نهێنی دەتوانێ بە هەمان ڕادە زیاتر پشت بە ڕاستیی بڕیارە فەردییەکانی ئەو ببەستێت. ئەمە ئەرکەکانی هاوڕێی پەیوەندگر و مورەویج بەهێزتر دەکات و زەربەلێدانی ڕێکخراویش کەم دەکاتەوە.

## ئەمنییەتی شانەکان

چۆن دەتوانرێت شانە لەو زەربەلێدانانە بپارێزرێت، کە هەڵسووڕانی عەلەنیی ئاژیتاتۆر بۆی دێنێتە پێش. هاوڕێی مورەویج خۆی یەک ئەڵقەی میانەییە، کە ئاژیتاتۆر لە شانە جیا دەکاتەوە و ئیمکانی ئەوە بە ئێمە دەدات، کە شانە لە دەست پێراگەیشتنی پۆلیس دوور بخەینەوە. هۆشیاری

هاوڕێی مورەویج لە دیاریکردنی ئەگەری زەربەی پۆلیس لە ئاژیتاتۆر، ڕاگەیاندنی مەترسی لەسەر ئاژیتاتۆر و شانە لە کاتی خۆیدا لە لایەن خودی مورەویجەوە توانا دەدات بە ئێمە تا خۆمان لە زەربەلێکەوتن دوور بخەینەوە یان ئەو زەربەیە لە هەمان سنووردا ڕابگرین. **لە هەلومەرجی ئێستادا** دەبێ زانیاری ئاژیتاتۆر لەسەر شانە زۆر کەم و تەنها بە ڕادەیەک بێ کە بۆ هەڵسووڕانی ئەو حەیاتییە. ئەم زانیارییانە دەبێ بە ڕادەیەک بێ، کە تەنانەت دەستکەوتنی هەموو ئەمانە لە لایەن پۆلیسی سیاسییەوە نەبێتە هۆی شوێن پێ هەڵگرتنی شانە. زانیاری هاوڕێی مورەویجیش لە شانە، دەبێ بە پێی ئەسڵی "لانی کەمی زانیاری" بەرتەسک بێتەوە، بە جۆرێک کە لە کاتی زەربەخواردنی هاوڕێی مورەویجدا، شانە هەلی تەواوی بۆ پاکسازیی خۆی بە دەستەوە بێ. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ لە بەشداریکردنی هاوڕێی ئاژیتاتۆر لە دانیشتنی شانەکاندا چاوپۆشی بکرێت. لە هەلومەرجی باشتردا دەتوانرێ ئاژیتاتۆر بانگ بکرێت بۆ دانیشتنی تری حیزبی، کە لەوێدا ئیمکانی یەکترناسینی کەسە بەشداربووەکان نەبێ. لە هەلومەرجێکدا و لە ئاییندەشدا دەبێ بەشداربوونی ئاژیتاتۆر لە دانیشتنە حیزبییەکاندا، لە هەموو لایەنەکانی ئەمنیەتییەوە زۆر بە دیقەت، قووڵی و دڵنیاییەوە بێت.

## ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر

گرنگترین مەسەلە لە ئەمنییەتی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستدا پەیوەندییەکە، کە ئەو وەک ڕابەر لەگەڵ جەماوەری کرێکاراندا پێکی دەهێنێ. بەدەستهێنانی پشتگیریی چالاکانەی جەماوەری کرێکاران لە خۆی و پشتبەستن بە ئیرادە و بڕیاری بەکۆمەڵی ئەوان، بەشداریکردنی کرێکاران لە هەموو ئاستەکانی خەباتی نارەزایەتی و پشتبەستن بە پشتیوانەی توانای جەماوەر. ئەمە حەیاتیترین سەرمایەی ئاژیتاتۆر لە مەیدانی پاراستنی ئەمنییەتی خۆی لە ڕەوتی ڕابەریی خەباتی نارەزایەتی و هەروەها لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی خۆی لەگەڵ کرێکاراندایە. دوژمن هەر چەندەش لەسەر ئاستی کۆمەڵگە



سێبەری ستەم و سەرکوت بەرفراوان بکات، ناتوانێ بە ئاسانی دەست بۆ ڕابەرانی کرێکاران درێژ بکات، بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو دڵی جەماوەری کرێکاراندا جێگایان هەیە و نوێنەری شایستە و ناسراوی ئەوانن. ئەمنیەتی ئاژیتاتۆر لە میانەی هەڵسووڕاندا **وەکوو یەک ئاژیتاتۆر**، لە بنچینەدا دەبێ لەم ڕێگەیەوە دابین بکرێ. بەڵام مەرجی پێویست بۆ ئەم کارە لەم هەلومەرجەدا ئەوەیە، پۆلیسی سیاسی نەتوانێ پەی بە لایەنگریی ڕێکخراوەیی و پەیوەندییە عەمەلییەکانی ئاژیتاتۆر و ڕێکخراو بەرێت. لە فکر و فایلەکانی پۆلیسدا هاوڕێی ئاژیتاتۆری ئێمە دەبێ لانی زۆر وەکوو کرێکارێکی هەڵسوڕاو و خەباتگێڕ دەربکەوێت، کە لە بەرامبەر زۆرداریی دەوڵەت و خاوەنکاردا سەر دانانەوێنێ و بەرگری لە مافی کرێکاران دەکات. بەڵام پەیوەندیی ڕێکخراوەیی بە هیچ ڕەوتێکەوە نییە. ئەمە خاڵێکی بەهێزی ئاژیتاتۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیسی سیاسیدا. *ئەو* دەبێ پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکەیشی لە گۆشەیەکی دوور لە دەست پێ ڕاگەیشتنی فیکری خۆی بشارێتەوە و بەشێوەیەکی جیدی، سایکۆلۆژییەتی یەک ڕابەری جەماوەری، یەک کرێکاری نارازی، یەک نارازی بوێر، واتە بەشێک لەوەی کە بە واقیعی هەیە بگرێتە خۆ. بە هەر ئەندازە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی پشتی بە پەیوەندیی سروشتی جێکەوتووتر بەستبێت، ئاژیتاتۆر لە ڕووی ڕۆحی و عەمەلییەوە لە بەرامبەر پۆلیسی سیاسیدا لە مەوقیعیەتێکی بەهێزتردا دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ کۆمەڵە خاڵێکی دیکە بە شێوەیەکی جیدی لە بەرچاو بگرین. نابێ پۆلیس بتوانێ لە لای موبەلیغی حیزبی بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراو یان تەنانەت بڵاوکراوەی عەلەنییش پەیدا بکات. ماڵەکەی دەبێ بە تەواوی لە بەڵگەنامە و بڵاوکراوە "پاک" بێت. ئاژیتاتۆر جگە لە ئەنجامدانی کاری ئاژیتاتۆر نابێ هیچ کارێکی تری حیزبی هەبێ. نابێ لە چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوەکان، گواستنەوە، گویزانەوەی بەڵگەنامە، کۆکردنەوەی کۆمەکی ماڵی بە ناوی حیزبەوە، لە ڕاکێشانی کەسانی تازە بۆ حیزب (بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ) هاوبەشی بکات، ئاژیتاتۆر دەبێ ئەرکی تایبەتیی خۆی ئەنجام بدات.

ئەمە ئەرکی شانەی نهێنی و ئەڵقەکان و تۆڕەکانی دەوروبەری شانەن، کە هەڵسووڕانە ڕۆتینییەکانی شانە گەشە پێ بدەن لەسەر زەمینەیەکی باشتر، کە لە ئەنجامی هەڵسووڕانی هاوڕێی ئاژیتاتۆر دێتەکایەوە. لە هەلومەرجی ئێستادا، پێناسی ئاژیتاتۆری حیزبی و لایەنگریی ئەو بۆ حیزب کەسێک جگە لە هاوڕێی مورەویج نابێ بیزانێ (دەبێ حیساب و کیتابی تایبەتی نێوان هاوڕێی ئاژیتاتۆر لەگەڵ ناوەندیی لیژنەی تەشکیلاتیی سەر بە حیزب پێک بێت، تا لە کاتی پچرانی پەیوەندی ئەو لەگەڵ هاوڕێی مورەویج، پەیوەندی ئاژیتاتۆر لەگەڵ شانە بە شێوەی پێویست سەر لە نوێ لە لیژنەی تەشکیلاتییەکەوە بگەینرێتەوە). بە کورتی وزەیەکی زۆر دەبێ بخرێتە گەڕ تا ئاژیتاتۆر بتوانێ لە ئەمنییەتێکی تەواودا چالاکی بنوێنێ. ئەو خاڵەش زیاد دەکەم، کە پاراستنی هاوڕێی مورەویجیش زۆر حەیاتییە. هەم بەهای فەردی ئەو وەکوو کادرێکی کۆمۆنیست و هەم ڕۆڵێکی هەستیار کە لەم نێوەدا لە ئەستۆی دایە، وا پێویست دەکات کە ئەگەرچی بە قەدەر ئاژیتاتۆر ڕاستەوخۆ گیرۆدەی زەربەکانی کاتی ڕوودانی ئاکسیۆن نییە، بەڵام دەبێ لانی زۆری ئیمکانات بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئەو تەرخان بکرێ. هەروەها لە کاتی ڕوودانی هەر مەترسییەکی پۆلیسی بۆ سەر شانە، کە مورەویجیش لەگەڵیدا تێوە بگلێ، دەبێ خیرا ئاگادار بکرێتەوە و ئیمکاناتی پێویستیش بۆ پاراستنی ئەمنییەتی فەردی ئەو دەبێت بێتە کایەوە. گەیاندنی بڵاوکراوەکان بە دەستی هاوڕێی مورەویج، وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئەو دانیشتنانە، کە ئەو تیایاندا بەشداری دەکات، دەبێ لە ڕادەیەکی ئەمنیەتی زۆر باڵادا ڕێک بخریت.

### 2 ـ کار لەگەڵ خاوەن ئامادەییە نوێکاندا

ئەگەر ڕابەرانی جێگرتووی کرێکاری لە یەک پرۆسەی فێربوون و بارهێنانی ڕەخنەگرانەدا لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک دەبنەوە، خاوەن ئامادەییە نوێکان و ڕابەرە گەنجترەکان زۆرتر پێویستییان بە فێربوون و بارهاتنی ئیسپاتییانەی مارکسیزم و شیوازە عەمەلییەکانی ڕابەریی کرێکاری هەیە.



کاری فێرکردن و بارهێنان و کێشکردنی ئەم دەستەیە لە کرێکاران دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە لایەن هاوڕێیانێکەوە ئەنجام بدری، کە لە هەمان شوێنی کار و ژیاندا ئامادەییان هەیە. ئەم هاوڕێیانەن کە دەبێ لێهاتوویی و ئامادەیی کرێکارانێک، کە دەتوانن ببنە ڕابەری عەمەلیی خەباتگێر، دیاری بکەن و هەر خۆیانن، کە قوناغە سەرەتاییەکانی ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش دەبەن. هەر هاوڕێیەکی حیزبی لە کارگە و گەڕەک دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ چەند کرێکاری لیهاتوو و خاوەن ئامادەیی هەبێ و بە شێوەیەکی هەمیشەیی مەسەلەی هۆشیارکردنەوە و فێرکردن لە نێویاندا بەرەو پێش بەرێت. بەشێکی گرنگی ئەم فێرکردنە، فێرکردنێکی عەمەلی و تەجرییبییە. پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆر یەک پرۆسەی تا ڕادەیەک دوور و درێژە. هاوڕێی کرێکار دەبێ هەموو هونەری ئاژیتاسیۆن فێر بێ، وە بەم پێیە وەکوو هەر لقێکی زانستی و هونەری دیکە دەبێ قوناغی جۆراوجۆر ببڕێت. فێری کار بێت، لە کاری سادەوە بۆ کاری ئاڵۆز بچێ. ئاژیتاسیۆن تەنها شەهامەتی نارەزایەتیکردن و بانگەوازکردنی کەسانی تر نییە بۆ نارەزایەتی، بەڵکوو شێوە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی جەماوەری کرێکارانیشە بە شێوەی ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا. ئەوەی کە ئاژیتاتۆری تازەکار دەبێ لە ڕووی تیۆرییەوە فێری ببێ، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەوەدا نییە کە هەر ئێستا لە ئەڵقە تەرویجییەکاندا جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە. بەڵام لە ڕووی عەمەلییەوە ئەم مەسەلەیە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. هیچ کەسێک ناتوانێ لە ڕۆژی یەکەمەوە لە ڕیزی پێشەوەی مانگرتنێکدا ڕابوەستێ و هەموو لایەنەکانی بە تەواوەتی ڕابەریی بکات. تاک دەبێ لە پێشدا، فێری کارکردن لەگەڵ جەماوەری کرێکاران لە ئاستی جۆراوجۆردا بووبێت و پێداویستییەکانی ڕابەریکردنی هەنگاونان بۆ نارەزایەتیکردن بناسێت، دەورەی کار و فێربوون بە مانای واقیعی وشەکە دەورەی فێربوونە. دەورەیەکە بە "پرۆژەکان" ڕاهێنانەکان و دەرسەکانییەوە. هاوڕێی مورەویجی ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئاژیتاتۆری تازەکار بخاتە ئەم تاقیکردنەوانەوە (ئەڵقە "خوبەخۆیی"یەکانی کرێکارانی پێشڕەو هەر

ئێستا ئەم ڕەوشتە لە فێرکردنی کرێکارە خاوەن ئامادەییە نوێکاندا بەکار دەهێنن). بۆ نموونە، کێشە و هەرا شەخسییەکان پەیوەندییەکانی نێوان کرێکارانی بەشێکی سارد و نا هاوڕێیانە لێکردووە، ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ بە قسەکردن و بەڵگەهێنانەوە و ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران ئەم جیاوازییانە لەنێوبەرێ و بار و دۆخێکی هاوڕێیەتی پێک بهێنێ؟ کرێکارێک لە کاتی کارکردندا زیانبار دەبێ و لە کار دەکەوێ، ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ کارێک بکات، کە کرێکاران بە شێوەی کۆڕ و کۆمەڵ و بە دەست لە کار کێشانەوە بچنە لای و سەر لە خێزانەکەی بدەن و بۆ وەرگرتنی تەعویز، گوشار بۆ خاوەنکار بێنن؟ ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ سندوقێکی کۆمەک، بۆ خێزانی ئەو هاوڕێ کرێکارەی کە لە کار کەوتووە ڕێک بخات؟ بۆ پشتگیریکردن لە کرێکارێکی خەباتگێڕی زیندانی چی دەکات؟ ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ کارێ بکات، کە کرێکارانی ئەم بەشە یان ئەوەی تر، فڵانە ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامی، کە دەستی بە تۆقاندنی کرێکاران کردووە، بە پێی یەک بەرنامەی حیسابکراو پاشەکشە پێ بکات؟ ئەم ئەزموونانە زۆرن و لە ژیانی هەموو ڕۆژەی کرێکاراندا چەند جار دێتە بەردەم هەموو کرێکارێکی هۆشیار و خەباتگێڕ. لەم پرۆسەیەدا ئاژیتاتۆر بە قووڵی لەگەڵ مەسەلەکانی کرێکاران، توانای ئەوان، شێوە جیاوازەکانی ڕێکخستنیان، ئەو هۆکارانەی کە شەهامەتیان پێ دەبەخشێ یان نیگەرانیان دەکات، سایکۆلۆژییەتی جەماوەری کرێکاران و هتد... ئاشنا دەبێ. ئەمانە هەموویان پێداویستییەکانی بوون بە ڕابەری عەمەلی کرێکارانن.

لە ڕووی عەمەلییەوە سەردەمی ئامادەکردن و کێشکردن دەبێ لەژێر چاودێری هاوڕێیەکی مورەویجی حیزبیدا ببرێتە پێش. بە ڕادەیەک کە هۆشیاری و ئەزموونی ئاژیتاتۆری داهاتووی ئێمە زیاد بکات، بە هەمان ڕادەش لە ڕووی عەمەلییەوە لە حیزب نزیک دەبێتەوە. ئەم هۆشیاری و ئامادەییە دەبێ بە ڕادەیەکی وا بچێتە سەر، کە ئاژیتاتۆر خۆی خوازیاری



کاری جیدی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی لە حیزبدا بێت.

کاتێک کە ئاژیتاتۆر جێگەی خۆی وەک کۆمۆنیستێک لە حیزبدا و وەک ڕابەرێک لە پێشەوەی کرێکارانەوە بەدەست بێنێ، مەسەلە عەمەلییەکانی ڕێکخستنی ئەو جۆرێک دەبێ، کە پێشووتر باسمان کرد. هەروەها پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆر هەر لە قوناغەکانی سەرەتاوە بە مانای ئەوە دەبێ، کە بەرەبەرە پەیوەندی سروشتی پتەو لە نێوان ئەو و مورەویج وە یان مورەویجەکانی حیزبدا پێک هاتووە، هاوڕێیەتی کۆن و پشت پێ بەستراو دروست بووە و مورەویج و ئاژیتاتۆر بە قووڵی ئیمکانات و کەسایەتی فەردی یەکتر دەناسن. ئەمە کە خۆی یەکێکە لە پێکهێنەرەکان و نیشانەکانی جەماوەرییبوونی شانە بنەڕەتییەکان لەنێو کرێکاراندا، دەستی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێکخستنی گونجاوی پەیوەندی ڕێکخراوەیی نهێنی لەگەڵ ئاژیتاتۆری عەلەنیکاردا ئاوەڵا دەکات.

## 3 ـ توانای ئاژیتاتۆر لە ڕێکخراوکردندایە

توانای چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە. ئەمە حوکمێکی سەرەتایی خەباتی چینایەتی کرێکارانە. بەڵام سەبارەت بە هەر کرێکارێکی خەباتگێڕی تاکیش ئەم حوکمە هەر ڕاستە. ڕێکخراوبوون، ئەگەر ڕێکخراوێکی پرۆلیتاری، هێز بە کرێکاری خەباتکار دەبەخشێت، پشت بە خۆ بەستوویی ئەو زیاد دەکات، جوامێری و چاونەترسی و دڵنیایی ئەو لە سەرەنجامی کارەکەی دەکاتە دەیان جار، ئەوا دەبێ ڕابەرانێکیش کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئێمەوە دەکەن، ئەو هەستەیان لە لا پەیدا بێت. ڕێکخراوبوون لە حیزبدا دەبێت بەو مانایە بێت، کە ئەوان مەسەلەی ڕابەریکردن باشتر ئەنجام ئەدەن، هەست بە ئەمنییەتی باشتر دەکەن، دڵنیایی زیاتریان لە بەردەوامکاری خەباتیاندا دەبێت، کاریگەری زۆرتر دادەنێن، لە بەرامبەر دوژمندا خۆیان بەهێزتر دەبینن و سەبارەت بە کاریگەری سەرئەنجامی چالاکییەکانیان بۆ سەر خێزان و ژن و منداڵەکانی خۆیان چ لە ڕووی مادی

و چ لە ڕووی مەعنەوییەوە هەست بە دڵنیاییەکی زیاتر دەکەن... ڕووکەشبینی سیاسی و ڕێکخراوەیی گروپە پۆپۆلیستەکان و بایەخ نەدانیان بە پێداویستییەکانی کرێکارانێکی خەباتکار، کە ڕوو لە کاری ڕێکخراوەیی دەکەن، بە کردەوە لە زۆر جێگادا ڕێکخراوی سیاسی دەکردە قورساییەک بە پێی کرێکارانی خەباتکار و بارێک بەسەر شانیانەوە. شێوەکاری حیزبی کۆمۆنیست شێوەکارێکی ترە. ئەمە دەبێ بە عەمەلی بسەلمێنرێ.

## 4 ـ لە کۆتاییدا جارێکی تر دەربارەی گرنگی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست

ڕاکێشان و پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکان پرۆسەیەکی دژوار و درێژخایەنە، بەڵام لە سەرەتاشەوە بڕیار نەبووە شۆڕشی کۆمۆنیستی کارێکی هەروا سادە بێت و زوو بە ئەنجام بگات. ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست یەک پایەی ئەم شۆڕشە کۆمۆنیستییەیە. تا ئەو کاتەی کۆمۆنیستەکان لە مەیدانی کاری سیاسیدا خۆیان تەنها بە کاری نهێنییەوە ببەستنەوە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش، کە لەم مەیدانەشدا کاری خۆیان بە باشی بەڕێوە بەرن) و مەیدانی کاری ئاشکرا و ڕابەرایەتی جەماوەری بەو بەشانە بسپێرن، کە لانی زۆر توانای خەباتیان بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی هەیە و توانای شۆڕشگێڕی چینی کرێکار لە چوارچێوەی یاساکان و بڕیارەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا دەهێڵێتەوە، شۆڕشی کۆمۆنیستی ئیمکانی نییە. کۆمۆنیستەکان حەکیمێکی خێرخوا نین کە چینی کرێکار "بە شێوەی گشتی" وشیار بکەنەوە، بەڵام بە شێوەی موشەخەس و لە خەباتی عەمەلیدا بیدەنە دەستی سەندیکالیزم و ڕیفۆرمیزم.

ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست نەک تەنها بەشێکی جیانەکراوەی هەر تێکۆشانێکە بۆ ڕابەریی جەماوەریی کرێکاران، بەڵکە لە ڕووی هۆشیاریشەوە بە ڕادەیەک، کە ئەم هۆشیارییە دەبێ لە دڵی خەباتی ئێستا و عەمەلیدا فێر بن، ڕۆڵی حەیاتی هەیە. حیزب بە بێ ئاژیتاتۆری حیزبی ناتەواوە و بە ناچاری سەرکەوتوو نییە. بەڵام ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست لەسەر درەخت سەوز نابێ،



بەرهەمی کاری پەیگیر و درێژخایەنی کۆمۆنیستەکانە لە دەروونی چینی کرێکاردا. دەبێ کارێک بکەین، کە دەورانی بێ ڕابەرایەتی کرێکاران کۆتایی بێت و باشترین توخمەکانی چینی کرێکار، کرێکارانی کۆمۆنیست، ڕابەران و ڕێکخەرانی کاری جەماوەری، بە هیمەتی حیزبی کۆمۆنیست و جینی کرێکار لە کارخانەکان و گەڕەکەکان، لە مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان، سەنگەر و ڕاپەڕیندا، بەدەست بینین... دەبێ کارێک بکەین، کە لە سبەینێیەکی نزیکدا لە هەموو جێیەک بۆرژوازی لەگەڵ کرێکارانی نارازی و ڕاپەڕیو ڕووبەڕوو بێتەوە، لە سەروو وە لە پێشەوەی ڕیزەکانی ئەواندا کرێکارانی کۆمۆنیستی پەیگیر ببینن، کە لەیەک حیزبی سیاسی نهێنی بە دیسپلینی پۆڵایین بە یەکترییەوە گرێدراون. کرێکارانێکی کۆمۆنیست کە ئەڵقەی پەیوەستکەری جەماوەری مەزنی کرێکارانن لە ڕێکخراوی پیشەیی ئەم چینەوە، واتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئەگەر دەمانەوێ ئەو ڕۆژە زووتر بگات، ئەمڕۆ دەبێ بە شێوەی جیدی مەسەلەی پێکهێنان و بەرفراوانکردنی ڕێکخراوی نهێنی کۆمۆنیستی لە نێوان کرێکاراندا لەگەڵ مەسەلەی پەروەردە و ڕاکێشانی کۆمۆنیستەکان پێکەوە گرێ بدەین. هەستکردن بە گرنگی و جێگای ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست، هەنگاوی یەکەمە لەم ڕێگەیەدا.

1985

کۆتایی

فەرهەنگۆک

ئاژیتاسیۆن : تبليغ، تحريض، هاندان

ئاژیتاتۆر : مبلغ، محرض، هاندەر

تەرویج : الدعاية، پرۆپاگەندە، تەفسیر و شیکردنەوە

مورەویج : الداعي، ئەوکەسەی مەسەلەکان شی دەکاتەوە و تەفسیریان دەکا.
ئیختناق : خەفەقان، ئیستبدادی سیاسی و سەرکوت
جاری : الحالی، هەرئێستا بەردەوامی هەیە
ڕێنمایی : الهدایە، ڕێگەنیشاندان
ئۆتۆریتە : نفوزی مەعنەوی
شماتیک : مصطنع

لە بڵاوکراوەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست/ حوزەیرانی 1990